سعودیە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی دیاریکرد

لە ناوەندی چاودێری سەدیر لە سعودیە مانگ بینراوەو میدیاکانی ئەو وڵاتە دەڵێن کە سبەینێ دووشەممە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە.

دیوانی شاهانەی عەرەبستانی سعودی ڕایگەیاند: دادگای باڵا بڕیاریدا کە سبەینێ دووشەممە 11ی ئازاری 2004 یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی کۆچیی 1445 بێت.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانیش لەلایەن عەرەبستانی سعودی، دیوانی وەقفی سوننە لە عێراق و هاوکات لە هەرێمی کوردستانیش سبەینێ وەك یەکەم ڕۆژی ئەو مانگە ڕاگەیەندرا.

دوای ڕاگەیاندنەکەی سعودیە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا: لیژنەی بینینی مانگ کۆبووەو و دوای چاودێریکردن مانگ بیندراوە و ڕۆژی دووشەممە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە.

هاوکات هەریەك لە عومان و قەتەر و ئیمارات و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، سبەینێ دووشەممە کرایە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز.